### زانا عەبدولکەریم- بەڕێوەبەری ڕێکخراوی سۆڵیدارێتی خوێندکاران:

# فیستیڤاڵی پەمەیی پەیامێکی ڕوونی خوێندکارانە بۆ ناوەندی بڕیار کە خوێندکارانی کورد بڕیار دەدەن بەشداربن لەکاروباری وڵاتی خۆیاندا.

### ئا: ئاسۆ




لەماوەی رابردوودا لەزانکۆی سلێمانی بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی سۆڵیدارێتی خوێندکاران ڤێستیڤاڵی پەمەیی بەڕێوەچوو بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی‌و خەباتی فشارو مەدەنی، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر کارو ئامانجەکانی ئەم کەرنەڤاڵە، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێز (زانا عەبدولکەریم) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی سۆڵیدارێتی خوێندکاران سازدا.

نێوەند: لەماوەی رابردوودا ئێوە کەرنەڤاڵی پرتەقاڵی-تان بەڕێوەبرد، دەکرێت بپرسین ئەم کەرنەڤاڵە چییەو بۆچی دروست بووە؟

زانا عەبدولکەریم: ڤێستیڤاڵی پرتەقاڵی پرۆژەیەکە بۆ ڕێکخستنی تواناکانی خوێندکارو کۆکردنەوەی ئەم تواناییەو نیشاندانییەتی لە ئاستێکی بەرزدا.

بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت دەنگ‌و سەنگ‌و ڕەنگی هەبێت لەناو وڵاتی خۆی لە کوردستاندا، پێموایە تا ئێستا خوێندکاران‌و نەوەی تازەی کوردستان نەیانتوانیوە وەك پێویست بەڕۆڵی خۆیان هەستن‌و زەمینەشیان بۆ خۆش نەکراوە کە تواناکانی خۆیان بدۆزنەوەو بەکاریبهێنن، ئەم توانایە ڕۆژ بەڕۆژ فەرامۆش دەکرێت‌و وەك پێویست گوێیان لێناگیرێت، نائومێدییەکیش ڕوویکردۆتە ئەم خوێندکارانەی زانکۆ کە ڕێگەیان پێنەدراوە وەك پێویست بەشداربن‌و دەنگیان هەبێت‌و زەمینەیان بۆ سازبکرێت کە تواناکانی خۆیان بەکاربهێنن لە پێشخستنی وڵاتدا.

ئێمە وەك ڕێکخراوی سۆڵیدارێتی بە هاوکاریی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە سلێمانی بیرمان لەوە کردەوە کە پرۆژەیەکی سەرتاپا مەدەنی ڕێك بخەین بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی ئەو توانا خوێندکارییەو نیشاندانی لە ئاستێکی بەرزدا، کە کاریگەریی لەسەر ناوەندی بڕیار هەبێت‌و پەیامێکی ڕوونی خوێندکارانە بۆ ناوەندی بڕیار کە خوێندکارانی کورد بڕیار دەدەن لەمەودوا بەشداربن لە وڵاتی خۆیاندا.

داواکارییەکانیشمان لەدوو توێی پەیامێکدا بڵاوکردۆتەوە، کۆمەڵێك داواکاریی تیابوو کە پەیوەندییان بە گۆڕانکاریی ڕیشەییەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەحکومی ئەوەی گەندەڵی یەکێکە لە دیاردە زیانبەخشەکان کە زۆر کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی ئەم وڵاتە، بۆیە یەکێك لەداواکارییە سەرەکییەکان بریتی بوو لەدانانی سیستەمێك کە ڕێگربێت لەبەردەم دیاردەی گەندەڵی.

ئەم هەوڵەی ئێمە جگە لەوەی دووپاتکردنەوەی هەستی نیشتانپەروەریی خوێندکارە، لە هەمان کاتدا هەڵوێست وەرگرتن‌و بەشداریکردنە لە وڵاتی خۆیاندا، بەوەی کە بەناوەندی بڕیار بڵێن دەبێت گۆڕانکاریی بکرێت.

نێوەند: خەڵکانێك یان هەندێك لە چاودێران وایان لێکدایەوە ڤێستیڤاڵی پرتەقاڵی دەستێکی سیاسی دیاریکراو لەپشتییەوە ڕاوەستاوە ئەگەرنا جوڵانەوەیەکی سەربەخۆیی خوێندکاران نییە، ئێوە خۆتان چۆن ئەم تێگەیشتنە لێکدەدەنەوە؟

زانا عەبدولکەریم: بەڤسە زۆر ئاسانە بڵێم کە کارەکەمان کەسی لە پشتەوە نییەو ئەمە ئیرادەیەکی سەربەخۆی خوێندکاریی بوو پیشاندراوە.

من ویژدانی هەموو خەڵك‌و سەرنجی هەموو ڕۆشنبیرو خەمخۆرانی کوردستان ڕادەکێشم بۆ ئەوەی کە با بەویژدانەوە چاو بەو چالاکییەدا بخشێنن، چاو بە هەڵسوکەوت‌و ڕەفتاری چالاکییەکەدا بخشێنن، با ئەوەی بەچاو دەیبینن بڕیاری لەسەر بدەن‌و ئەوە سەنگی مەحەك بێت کە ئایا ئەم جۆرە جوڵانەوەو هەڵوێست وەرگرتن‌و نیشاندانی ئەم ئیرادەیە بە چ ئاڕاستەیەك دەتوانێ سەربەخۆیی بوونی خۆی بسەلمێنێت‌و ئێمەش ئەوەی لە تواناماندایە بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی ئەم جوڵانەوەیە ئامادەین بە هەموو شێوەیەك پێشکەشی بکەین.

حەزیش دەکەم بڵێم تەنیا بەم فێستیڤاڵە هەموو ئەو گۆڕانانە نایەنەدی، پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەکی درێژخایەنە، دروستبوونی ئەم ئیرادەیە وەك سەرەتایەك دادەنێین بۆ گۆڕان ئەم توانایەی فێستیڤاڵی پرتەقاڵیدا نیشاندراوە ڕۆژ بەڕۆژ چاکتر سازو ئامادەی دەکەین بۆ ئەوەی

بەشداربێت لە پرۆسەی گۆڕانکاریی لە هەرێمی کوردستانداو ئامادەبین هەرکاتێك پێویست بکات ئەو هێزە خۆی نیشان بدینو رۆڵۆ دەنگو سەنگی هەبێت.

ئێمە بەو هەڵوێستانە دەتوانین بیسەلمێنین کە سەربەخۆین ئەگینا زۆر ئاسانە من بڵێم بەڵێ ئێمە سەربەخۆین.

نێوەند: بەحکومی ئەزموونی رابردوو پێتوانییە ئەم جۆرە جوڵانەوەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە رووبەڕووی رێگریی دەبێتەوە؟ ئایا هەر لەسەرەتاوە ئەم جوڵانەوەیە رێگریی لێنەکرا؟

زانا عەبدولکەریم: ئێمە لەم فێستیڤاڵەدا بەشتێك توانیمان بیسەلمێنین کە سەربەخۆین هیچ جۆرە هاوکارییەك نەکراین، نە لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارتە سیاسییەکانەوە نە لەلایەن حکومییەکانەوە نە لەلایەن ناحکومییەکانەوە، بە تەواوەتی رێگریی کراین، بەتەواوەتیش دژایەتی کراین بۆ ئەوەی ئەم چالاکییە ئەنجام نەدەین، لەزانکۆ رێگەگیرا لە هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن، بەڕەسمی فەرمان درا کە نەهێڵدرێت ئەم چالاکییە ئەنجام بدرێت، فەرماندرا بە کەسە حیزبییەکان لە هەر دووپارتی دەسەڵاتدار کە نابێ بەشداریی بکەن بەڵکو دەبێ رێگریشی لێبکەن، بەڵگەی زۆر زیندوش هەیە کە ئەو رۆژە رێگە بەهیچ کەناڵێکی راگەیاندن نەدرا کە بێنە ناو زانکۆوە غەیری کەناڵی کوردساتو گەلی کوردستان، لەناوەندی راگەیاندنی یەکێتیشەوە بڕیاردرا بوو کە ئەو چالاکییە بەهیچ شێوەیەك بڵاونەکرێتەوە، هەر باسیشی لێوە نەکرا، ئەمە بەڵگەی ئەوە بوو ئەوانمان لە پشتەوە نەبووە.

بەڵام ئەوەی توانیمان لەزانکۆی سلێمانیدا بیکەین ئەو سەلیقەیە بوو، خوێندکاران توانیان رووە مەدەنییەکەی ئەم چالاکییە لەباشترین شێوەدا نیشان بدەن، توانیان بەبێ گاڵتەجارییو هیچ کارێکی تێکدانو ئاژاوەگێڕانە بکەن، کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن تا نەتوانن رێگریی لێبکەن، ئەگەرنا بەرنامەی رێگە لێگرتن لەئاستێکی زۆر بەرزدا هەبوو، بەڵگەش بۆ ئەوە پەیمانگای تەکنیکییە کە زۆر ناشارستانیانە مامەڵەکراوە لەگەڵ خوێندکارەکانمان لەوێ باج لە خوێندکارەکانمان سەندرابوو، هەڕەشەی فەسڵکردنیان لێکرابوو، کۆبوونەوە بە سەرۆك بەشەکان کرابوو کەنابێت بهێڵدرێت یەك خوێندکار بچێتە دەرەوەو نەیانهێشت چالاکییەکە بکەن.

دەبێ دەسەڵاتداران ئەو پەیامە بەڕوونی تێبگەن ناتوانن رێگە بگرن لەو ئیرادە مەدەنییەی دەیەوێ خۆی بەزیندووی نیشان بداتو پەیامەکەی بگەیەنێت.

نێوەند: بۆچی هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن نابێ کاری مەدەنیو روو بەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات توندوتیژیی تێبکەوێت لەکاتێکدا ئەم حاڵەتە لەوڵاتانی شارستانیو پێشکەوتووشدا مومارەسە دەکرێت؟ بە بۆچوونی ئێوەو خوێندنەوەی ئێوە توندوتیژیش لە قۆناغی دیاریکراوی خۆیدا خیارێك نییە؟

زانا عەبدولکەریم: وڵاتی ئێمە وڵاتێکی دیموکراسیو مەدەنی نییە، ئەم نەبوونی سیستەمی دیموکراسیو مەدەنیەتە کاریگەریی خراپی هەیە، کاتێك پۆلیسو ئاسایش لەکارێکی پێکدادانیدا دێتە سەرجادە ئەگەر سیستەمو یاسایەك نەبێت مافی ئەو خەڵکە بپارێزێت لەوانەیە تووشی کۆمەڵێك کێشە ببیت.

بۆیە پێموا نییە زیرەکییەك هەبێت لەوڵاتێکدا کە تا ئێستا سیستەمی دیموکراسیو بنەماکامی مەدەنییەتی تیا نەچەسپیوە تۆ بتوانی بەو شێوەیە بیربکەیتەوەو ئاسایی بێت توندوتیژیی رووبدات راستە زۆر چالاکی مەدەنی هەیە توندیو رێگرتنی تێدەکەوێت، بەڵام ئەم وڵاتەی ئێمە کۆمەڵێك کەمو کوڕی زۆریی تێدایە، عەقڵیەتی دەسەڵات نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بەو شێوەیەی وڵاتانی پێشکەوتوو رەفتار بکات، بۆیە بۆ ئێمە زۆر گرنگە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەم جۆرە چالاکییانەدا بڕۆین.

بوونی هێزێکی رێکخراوو دیسپلین کراوو بەهێز کە لەتوانایدا هەبێت ئەم چالاکییانە رێك بخاتو لەکاتی پێویستدا پیشانی بداتو لەکاتی خۆیشیدا بیگێڕێتەوە بۆ خۆی دەستکەوتێکی گەورەیە.

زۆر جوڵانەوەی توندوتیژیش دروست بووە، بەڵام هەمووی تیا چوو، بۆ؟ چونکە تۆ شەڕێکی دۆڕاو دەکەیتو هێزێکت پێ نییە لەبەرامبەر ئەو هێزەی کە هەیە، ناکرێت ئێمە خۆمان رابێنین لەسەر دۆڕاندنی شەڕێك کە بەشێوەیەکی مەبدەئیانە بڕوامان پێیەتیو بڕواشمان وایە شەڕێکی شارستانییە.